
# ١/ ٩/ ١٩٩٥



فەرهاد پیربالّ

من و تۆ لە ئێوارەی بووک و زاوایەتیماندا
ڕێگەی سەرچنارمان تا بەردەرکی سەرا بە پیاسە تەی کرد:
لەسەر شەقام یەکتریمان ماچ دەکرد و باران دەباری...

کانی وەتمان گوللەی دەگرتە دێگەڵە
لە هەڵەبجە ئێوارە دەبووە کابووس و دەهات
بە سەی صادق-دا وەردەسووڕایەوە
زاخۆ وەژێر ئاو کەوتبوو
هەولێر لەناو تاریکیدا
دەستی بەدووای هەنارە مێخۆشەکانی شەقلاوەدا دەگێڕا
کۆیە سەرمای بوو
قاپووتێکی کۆنی کون کونی لە کەلار خواستبۆوە
ئاکرێ نەیدەتوانی بچێت قومێک عارەق لە نادی مۆزەفینی دهۆک بخواتەوە
(بەختەوەری) ببووە فیستانێک ژن لەبەرخۆیان دەکرد و
تەنیا لە ماردین دەنگی دەدایەوە:
«لۆ لۆ، لۆ لۆ... لێ لێ، لێ لێ...
لە ڕێگەی نێوان چەمچەماڵ - کەرکووک عەسکەرێکی عارەب
تەعەدای لە ژنێکی کورد دەکرد و منداڵەکانیشی سەردەبڕی
لەناو بارێکی سەرخۆشی سلێمانیش وێنەگرێک
بە مووس شادەماری مەچەکی خۆی دوولەت دەکرد و دەڕۆیشت...

من و تۆش
لەسەر شەقام یەکتریمان ماچ دەکرد و باران دەباری...

٢٩/ ٤/ ٢٠٠٢

